# هەر کۆمەڵێک یان مەفرەزەیەک دەربچن بۆ جیهاد کردن، دەستکەوت بەدەست بهێنن وبە سەلامەتی بگەڕێنەوە؛ دوو لەسەر سێی پاداشتەکەیان پێدراوە لەم دونیایەدا، وهەر کۆمەڵێک ومەفرەزەیەک دەربچن بۆ جیهاد کردن، شکست بهێنن وبریندار بن؛ پاداشتی تەواویان لە قیامەتدا پێدەبەخشرێت

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر کۆمەڵێک یان مەفرەزەیەک دەربچن بۆ جیهاد کردن، دەستکەوت (غەنیمە) بەدەست بهێنن وبە سەلامەتی بگەڕێنەوە؛ دوو لەسەر سێی پاداشتەکەیان پێدراوە لەم دونیایەدا، وهەر کۆمەڵێک ومەفرەزەیەک دەربچن بۆ جیهاد کردن، شکست بهێنن وبریندار بن؛ پاداشتی تەواویان لە قیامەتدا پێدەبەخشرێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە دوو ئەگەری تێدایە: 1- هەر مەفرەزەیەک دژی دوژمنان جەنگا وپاشان بە سەلامەتی گەڕانەوە ودەستکەوتیان بەرکەوت، پاداشتیان کەمترە لەو مەفرەزەیەی کە سەلامەت نەبووە، یان سەلامەت بوون بەڵام دەستکەوتیان بەرنەکەوتووە، ئەمە ڕای ئیمام نەوەوییە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-. 2- فەرموودەکە بەڵگەیە بۆ حەڵاڵبوونی دەستکەوتەکانی جەنگ (غەنیمە) نەک بەڵگە بێت بۆ کەمبوونەوەی پاداشت، بەڵکو ئەوەی تێدایە لەوەیە هەندێک پاداشت لەم دونیایە بەدەست بهێندرێت، ئەوەی دەستکەوتی بەدەستهێناوە وئەوەیشی بەدەستی نەهێناوە پاداشتیان وەکو یەکە، بەڵام ئەوەی بەدەستی هێناوە دوو لەسەر سێی پاداشتەکەی بۆ پێش خراوە لەم دونیایەدا، بەڵام کۆی گشتی پاداشتەکەیان وەکو یەک دەبێت، لە قیامەتدا خوای گەورە بە ئەوانە دەبەخشێت کە دەستکەوتیان بەدەست نەهێناوە هێندەی ئەوەی لەدەستیان چووە؛ وخوای گەورە پاداشتەکان چەند جار دەکات بۆ هەرکەسێک بیەوێت، ئەم ڕاڤەکردنی ئیبن عبد البره -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6392

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee